جۆ بایدن و عەبدول فەتاح سیسی بەڕێنیان دا هاوکارییەکان بە خێرایی بە کەرتی غەززە بگەن

سەرۆکی ئەمەریکا جۆ بایدن و هاوتا میسرییەکەی عەبدول فەتاح سیسی بەڕێنیان دا هاوکارییەکان بە خێرایی بە کەرتی غەززە بگەن.

کۆشکی سپی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، بایدن لە میانەی پێوەندیەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ سەرۆکی میسر سەبارەت بە هەوڵەکانی ئەمەریکا بە دەنیابوون لەوەی ناکۆکییەکانی کەرتی غەززە فراوانتر نەبن، گفتوگۆیان کرد.

لەلایەکی دیکەوە، سەرۆکایەتی میسر لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە سەرۆکی میسر، عەبدول فەتاح سیسی لەگەڵ جۆ بایدن-دا تاوتوێی بارودۆخی ئاسایشی گشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێشکەوتنەکانی فراوانبوونی پێکدادانەکان لە کەرتی غەززە و گرنگی ڕەگریکردن لە فراوانبوونی ناکۆکییەکان بە ناوچەکە کردووە.